

## دیانا کەڕەزۆن :

# پێویستە جیهان شانازی بە پێشمەرگەوە بکات

**خانمە هونەرمەندی ئوردونی دیانا کەڕەزۆن کە دایکی بە ڕەچەڵەک کوردی باکووری کوردستانەو ماوەیەکی زۆرە لە ئوردون گیرساونەتەوە، یەکەمین براوەی بەرنامەی (سوبر ستار العرب) بووەو هەفتەی رابردووش بە سەردانێکی چەند رۆژی لەهەولێر بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەکی نوێی بە زمانی کوردی و بە هەردوو شێوەزاری بادینی و سۆرانی کە لە ئاواز و هۆنراوەی هونەرمەندهەڵکەوت زاهیرە ئامادە بوو. بەم بۆنەیەوە لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەییدا کە بەئامادەبوونی هونەرمەند هەڵکەوت زاهیرو بەرهەمهێنەری هونەری ئەحمەد ئەلکوردی ئەنجامیدا، دیانا کەڕەزۆن تیشکی خستە سەرئەم سەردانەو دوایین بەرهەمی خۆی.**

لە دەستپێکی قسەکانیدا کەرەزون وتی: پێشمەرگەی کوردستان لەجیاتی هەموو کوردستان دژی تیرۆرو تیرۆریستان شەڕدەکەن، لەشکرێکی وەك پێشمەرگەی کوردستان کە سەرکردەکەیان خۆی پێشمەرگەیەکی قارەمان بێت و لە ریزی پێشەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تیرۆریستان، بێگومان ئەو پێشمەرگانەی لەژێر فەرمانی ئەویشن قارەمان و گیانفیدان بۆ پاراستنی خاك و وڵات بۆیە پێویستە هەموو جیهان شانازی بە پێشمەرگەی کوردستان و سەرۆکەکەیانەوە بکات و بە رێز و تەقدیرەوە لەو خەباتەیان بڕوانێت.

دیانا کەڕەزۆن ئەوەشی روون کردەوە کە ئەمە یەکەم سەردانی نییە بۆ کوردستان و بێگومان دوایین سەردانیشی نابێت، هەروەها پێشتر بە زمانی کوردی لە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە گۆرانی وتووە، بەڵام یەکەمجارە بەشێوەیەکی فەرمی بەزمانی کوردی گۆرانی تایبەت بەخۆی دەڵێت، وتیشی: سوپاس بۆ خوا کە بە شایەدی کاك هەڵکەوت توانیم زوو هۆنراوەکە بەبێ هیچ گرفتێك بە دەنگی خۆم بڵێمەوە، گۆرانییەکەش بەناوی (خاکی شیرین) ـەو دابەشکاری موزیکی لەتورکیا بۆ کراوەو بەم زوانە بڵاودەبێتەوە .

پێشتر زۆر باس لەوە کراوە کە دیانا کەڕەزۆن بە ڕەچەڵەك کوردە، لەم بارەوە دیانا وتی: بەڵێ، من دایکم کوردی باکوورەو بە ڕەچەڵەك خەڵکی شاری (ئامەد)ـە، شانازی بە کوردبوونی دایکمەوە دەکەم و خودی دایکیشم هانم دەدات بۆ ئەوەی بە کوردی گۆرانی بڵێم، لەکاتێکدا دایکم و خوشکەکانم و خۆیشم نازانین بە کوردی قسە بکەین. دایکم زۆر زۆر خۆشحاڵ بوو کە سەردانی کوردستانم کردووە بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەك بە زمانی کوردی، بەڵام من خۆیشم هەمیشە لەپلانمدا هەبووە گۆرانییەك بە زمانی کوردی تۆماربکەم و ئێستا ئەو دەرفەتەم بۆ رەخساوە و نامەوێ لەدەستی بدەم، پەیامی من لەم گۆرانییەدا بریتییە لەپەیامی پەیامی خۆشەویستی بۆ خاك و وڵاتی کوردستان و رەنگەکانی ئەم ئاڵایە.

سەبارەت بەکارەکانی داهاتووشی بەتایبەتی وتنی گۆرانیی نوێ بە زمانی کوردی کەڕەزۆن وتی: بێگومان ئەمە نابێتە تاکە گۆرانی کوردی، بەڵکو لەپلانمدایە جگە لەپێشکەشکردنی چەند بەرهەمێکی دیکە بە زمانی کوردی، هیوخوازم بتوانم ئەلبوومێك بە زمانی کوردی بڵاوبکەمەوە، هەروەها بەنیازم لەگەڵ خانەوادەکەم بەردەوام کە دەرفەتمان هەبێت سەردانی کوردستان بکەین، بەتایبەتی لەجەژنی نەورۆز. بیرمان لەوەش کردۆتەوە خانوویەكك لە هەولێر بکڕین و ژیانی خۆمان لەنێوان عەممان وهەولێر بەسەر ببەین، هەروەها لە بەرنامەمدایە لە ئایندەدا و لەمیانەی سەردانە بەردەوامەکانم بۆ هەرێمی کوردستان سەردانی چەندین شار و شارۆچکەی هەرێم بکەم و بە گۆرانی یادی ئەو کارەساتانە بکەمەوە کە بەسەر ئەم وڵاتەدا هاتووە.

سەبارەت بە فێربوونی زمانی کوردی لەئایندەدا دیانا وتی: سوپاس بۆ خوا لە یەکەم ئەزموونی هونەریمدا توانیم بە هەردوو شێوەزارەی سۆرانی و بادینی گۆرانی بڵێم و تا رادەیەکی زۆر تێیدا سەرکەوتوو بم، بێگومان هیواخوازم بە تەواوی فێرە زمانی کوردی بم و لەو رووەوە هەوڵێکی زۆر دەدەم، ئێستا سەنتەرێکی رۆشنبیری تایبەت بە کوردان لە ئوردون هەیە، رەنگە لەو شوێنەدا دەرفەتم زیاتر هەبێت بۆ فێربوونی زمانی کوردی، دایکم هیچ کاتێك رەچەڵەکی خۆی لەبیر نەکردووەو هەموو سیفەتێکی کوردی تیادایەو نەیهێشتووە ئێمەش لەبیری بکەین، چونکە ساڵانە لە نەورۆز نێوماڵ بە ئاڵای کوردستانەوە دەڕازێنێتەوە و ئاهەنگ بۆ ئەم یادە دەگێڕین.

سەبارەت بە دەستگیرکردنی خوشکی لەلایەن پۆلیسی ئوردون و پێوەندی بە ئەوەوە دیانا وتی: خوشکم یەکێکە لە چالاکە هەرە دیارەکانی سناپ چات و لە ئوردن ناسراوە، بەڵام لە هەموو شوێنێك یاساو رێسا و رێنمایی تایبەت هەیە کە پێویستە هاووڵاتیان پێوەی پابەندبن، دیارە خوشکم سەرپێچی کردبوو، بۆیە وەك هەر هاووڵاتییەکی ئوردنی سزای خۆی وەرگرت، ئێمەش رازی بووین بە بڕیارەکەی دادگا، رەنگە هەندێك کەس هەوڵیاندابێت ناوی من بخەنە نێو بابەتەکە بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان کە زیان بە من بگەیەنن، بەڵام بابەتە لە دوور و نزیکەوە پێوەندی بە منەوە نەبووە.



# هاوسەرەکەی جیزیم لەکارە هونەرییەکانی رازییە



# رۆشان لە جوانی سێیەمە

ماڵپـەڕی (Worldstopmost.com) کـە تایبەتـە بە هەواڵ و چالاکـی هونەرمەنـدە جیهانییـەکان، راپرسـییەکی ئەنجامـدا بـۆ هەڵبژاردنـی دە لـە جوانترین ئەکتەرانی پیاو لە سـاڵی ٢٠١٦ و تێیدا زیاتر رکابەرێتـی لـە نێـوان ئەکتەرانـی هۆلیـۆد و بۆڵیۆددا گـەرم بووە.

لـە کۆتایـی راپرسـییەکەدا هریتیـك رۆشـانی ئەسـتێرەی ناسـراوی بۆڵیۆد پلـەی سـێیەمی بەدەسـت هێنا، لـەدوای هەریەکـە لە تۆم کـروز و رۆبرت پاترسـۆن کـە پلـەی یەکـەم و دووەمیـان بەدەسـتهێنا وەك جوانتریـن و سـەرنج راکێشـترین ئەکتـەری پیـاو لەجیهان.

ئەنجامەکانی ئەم راپرسـییە تا رادەیەکی زۆر مایەی سەرسوڕمان بـوون، چونکـە رۆشـان پێشـتر لەم بـوارەدا چەندین جـار پلەی یەکەمی بەدەسـتهێناوە، نەك لەسـەر ئاسـتی بۆلیـۆد، بەڵکو لەسـەر ئاسـتی هۆڵیۆدیش، بۆیە زۆر لـە رەخنەگرانی ئەو بـوارە بـە نیگەرانییـەوە باسـیان لـە دەرەنجامەکانی کرد، جگـە لەم سـێ ئەکتـەرە هەریەکە لە جۆنـی دیب، براد پێـت، تۆم هیدلیسـتۆن، سـەلمان خان، هیـو جاکمان و چەندیـن ئەکتەری دیکـەی جیهان لە راپرسـییەکەدا ناویـان هاتبوو.

لەئاهەنگێکی تایبەتدا کە بۆ خۆیان لەکەنارێکی دەریای شاری ئەستەنبول ڕێکخستبوو، کچە ئەکتەری ناسراوی تورکی جیزیم کاراکا و بیزنسمانی ناسراوی تورك کەمال ئەکمیکتشی دوای پێوەندی خۆشەویستی نێوانیان کە زیاتر لە ساڵێکی خایاند بە فەرمی پێوەندیی هاوسەرگیریی خۆیان ڕاگەیاندو ڕاستەوخۆ لەتۆڕی کۆمەڵایەتی سناپ چات وێنەکانیان بڵاوکردەوە.

بەر لە ساڵێك ئەم دوانەیە بڕیاریاندابوو ژیانی هاوسەری پێکبهێنن، بەڵام دواتر رای خۆیان گۆڕی و پرۆسەکەیان دواخست، تاکو ئەم جارە بڕیاریاندا و تەنانەت کاتی ئاهەنگەکەشیان دیاریکردووە، بەپێی سەرچاوە رۆژنامەوانییەکان پێوەندیی نێوانیان بە بەهێزترین پێوەندی خۆشەویستی نێوان کەسایەتییە ناسراوەکانی تورکیا دادەنرێت، چونکە ساڵ و نیوێکی خایاند بێ ئەوەی هیچ جۆرە ناکۆکییەك لە نێوانیاندا دروست بێت سەرەڕای ئەوەی کە جیزیم لە کارە هونەرییەکانیدا بەشداری لە چەندین دیمەنی ورووژێنەر و سەرنجڕاکێشدا کردووە بەتایبەتی لەگەڵ ئەکتەری ناسراو باریش کیلیتش لە فیلمی رۆمانسی (احبك یا رجل) کە لە کۆتایی فیلمەکەدا گیان لە دەست دەدات.

شایەنی باسە لەنێو ئەکتەرو کەسایەتییە ناسراوکانی تورکیا بە هۆی دیمەن و گرتە ورووژێنەرەکانەوە چەندین پێوەندی خۆشەویستی کۆتایی پێهاتووە، بۆیە سەرکەوتنی ئەم پێوەندییە بە کارێکی دەگمەن دادەنرێت.





### ئەمبیر هارد:

## پێویستە بۆ نەمانی توندوتیژی دەنگمان هەڵبڕین

خانمە ئەکتەری ناسراوی هۆلیۆد ئەمبیر هارد بەشدارییەکی کارای لەهەڵمەتی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژبەئافرەتان کردو ئەم بۆنەیەی بەدەرفەتێکی باش زانی بۆ ئەوەی وەك قوربانییەکی راستەوخۆی توندتیژی خێزانی باسی ئەزموونی تاڵی خۆی لەم بوارەدا بکات.

ئەمبیر تەمەن ٣٠ ساڵ لەم بارەیەوە دەڵێ: بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لەسەرشۆڕی و ئیهانە، چونکە زۆر لە ئافرەتان دووچاری ئەم کارە قێزەونە دەبنەوە، بەڵام کاتێك لەماڵی خۆتدا روودەدات لەپەنا دەرگاداخراوەکان و لەلایەن کەسێکەوە کە تۆ زۆرت خۆشدەوێت ئەمە کارێکی ئاسان نییە و زەحمەتە بەرگەی بگریت.

ئەمبیر لەم بارەیەوە زیاتر دەڵێ: من وەکو ئافرەتێك ئەم ئەزموونە تاڵەم بینیوە، بۆیە بەدەرفەتی دەزانم بەبیر ئافرەتانی بخەمەوە کە ناکرێ بارودۆخەکە بەم شێوەیە بهێڵدرێتەوە، ناکرێ ئافرەتێك بە تەنیا رووبەڕووی ببێتەوە، چونکە بەتەنیا ئەو ئەزموونە تاڵەی نەبینیوەو ئێمە هەموومان دەتوانین ئەو بارودۆخە بگۆڕین.

ئەمبیر کە لە جۆنی دیبی هاوسەری جیابۆوە و توانی لە پرۆسەی تەڵاقدانی بڕی ٧ ملیۆن دۆلار بباتەوە، گشت پارەکەی پێشکەش بە رێکخراوە خێرخوازییەکانی یارمەتیدانی ئافرەت و منداڵان کرد، رووی لەئافرەتان کردو گوتی: قسە بکە، دەنگت بەرز بکەوە، چونکە دەنگی تۆ بەهێزە، ئێمە ناتوانین چیتر بێدەنگی قبووڵ بکەین.




## کاسرین زیتا جۆنز:

# سەرەڕای گرفتی تەندروستی لە بەختەوەرترین خێزاندا دەژیم

خانمە ئەکتەری ناسراوی بەریتانی کاسرین زیتا جۆنز لە ٢٥ی سێپتێمبەری ١٩٦٩ لەدایکبووە، سەرەتای دەرکەوتنی لە ڕێگای شانۆ بوو، بەڵام ئەو هەر زوو خولیای هونەر بوو و خۆشەویستی خۆی بۆ هونەر بە چەندین شێواز دەربڕی، چونکە بەر لەوەی بگاتە تەمەنی ١٠ ساڵی گۆرانی وتووە و لە چەندین نمایشی سەمادا بەشداریی کردووە.

لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا بووە سەرکردەی تیپێکی ئۆرکێسترا و لە سەرەتای نەوەدکانی سەدەی ڕابردوو لە زنجیرەیەکدا بەشداری کرد بە ناوی (The Darling Buds of May) دوای سەرکەوتنی ئەم زنجیرەیە بوو بە یەکێك لە ناسراوترین ئەکتەرەکانی بەریتانیا، لە ساڵی ٢٠٠٠ ژیانی هاوسەری پێکهێنا لەگەڵ ئەکتەری ناسراوی هۆڵیۆد مایکڵ دۆگلاس و خاوەن دوو منداڵن بە ناوەکانی (دیلان ١٦ ساڵ) و (کریس ١٣ ساڵ).



**هاوسەرگیرییەکی چاوەڕوان نەکراو**

هاوسەرگیری کاسرین و مایکڵ بەلای زۆر کەسەوە سەیر بوو و زۆربەشیان چاوەڕوان جیابوونەوەیان دەکرد، چونکە جیاوازی تەمەنیان (٢٥ساڵە)، بەڵام ئەوەی زیاتر مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە کاسرین چەندین جار رایگەیاندووە کە جیاوازی تەمەنیان هۆکارێکی سەرەکی ئاسوودەیی و سەرکەوتنی ژیانی هاوسەرییانە و ئەو جیاوازییە هۆکاری زیاتر پەیوەست بوونیانە بە یەکتری هەرچەندە چەندین ئەکتەری دیکەی هۆڵیوّد پەیوەندییەکەیان هەر زوو شکستی هێناوە و بە کۆمەڵێك گرفتەوە جیابوونەتەوە، بەڵام پەیوەندی من و مایکڵ تەواو جیاوازە، رەنگە هۆکاری ئەم پەیوەندییە بە هێزەی نێوانمان ئەوە بێت کە ئێمە لە دوو شوێنی جیاواز کارمان کردووە و هیچ شتێك نەبووە کە رکابەریی لەسەر بکەین وەك ئەوەی زۆر لە ئەکتەرە هاوتەمەنەکان دەیکەن.

کاسرین بۆ دووپاتکردنەوەی سەرکەوتنی هاوسەرگیرییەکەی و نەبوونی هیچ رکابەرێتییەك لەنێوان خۆی و مایکڵ دەڵێ: ئێمە بەو رۆڵانە رازی نابین کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە یەکترمان دووربخاتەوە، هەروەها نامانەوێ بۆ ماوەیەکی زۆریش لە منداڵەکانمان دوور بکەوینەوە، پێویست مـن بە رۆڵێك رازی بم کە شەش مانگ بخایەنێت و مایکڵیش لە شوێنێکی دیکە رۆڵ ببینێت، چونکە ئێمە سەرەڕای ئەوەی یەکترمان زۆر خۆشدەوێت لە هەمان کاتدا منداڵیشمان هەیە و کاتێك من لە کار بم مایکڵ لەگەڵ منداڵانە و بە پێچەوانەشەوە و ئەگەر هیچمان کارمان نەبێت ئەوا لەگەڵ منداڵەکانمان کات بەسەر دەبەین.

فیلمی (ماسکی زۆرۆ) بە یەکێك لە سەرکەوتووترین و خۆشەویستترین فیلمەکانی کاسرین دادەنرێت، چونکە لەم فیلمەدا بۆ یەکەم جار خۆشەویستەکەی خۆی بینی، ئەم فیلمە لە مەکسیك وێنەی گیرا، بەڵام لە کاتی وێنەگرتنی فیلمەکەدا کاسرین تەواوی ئەندامانی خێزانی لەگەڵ خۆیدا بردبوو بۆ ئەم مەبەستەش خانووەکی لە نزیك شوێنی وێنەگرتن بە کرێ گرتبوو بۆ ئەوەی ئەندامانی خێزانی بتوانن زۆرترین کات لەگەڵیدا بن لەم بارەیەوە کاسرین دەڵێ: ئێمە خۆمان بە کەسانی زۆر ئاسایی دەزانین و دەمانەوێ هەمیشە بەو شێوەیە خەڵك بمانبینن و هیچ کاتێك هەستمان بەوە نەکردووە کە ئێمە بەشێکین لە جیهانی هۆڵیوّد.

ماوەیەك کاسرین دووچاری نەخۆشییەکی دەروونی سەخت هاتەوە، بەڵام ئەمە هیچ کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر ژیانی هاوسەرێتییان نەبوو، لەم بارەیەوە مایکڵ دەڵێ: زۆر کەس بیریان لەوە دەکردەوە کە رەنگە نەخۆشکەوتنی کاسرین پەیوەندی نێوانمان لاواز بکات یاخود هەر نەیهێڵێت، بەڵام ئەم نەخۆشییە بووە هۆی ئەوەی کە پەیوەندییەکەمان زۆر لە جاران بەهێزتر بێت، چونکە ئەو دژی نەخۆشییەکەی دەجەنگا منیش زیاتر هانم دەدا، بەڵام خۆی کەسێکی بەهێز و بێ وێنە بوو و توانی کۆنترۆڵی بارودۆخی خۆی بکات ئەمەش کارێکی دەگمەن و ناوازە بوو.

لە بەرامبەردا مایکڵیش تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بۆوە و دوای ماوەیەکی زۆر لە چارەسەر بە تەواوی لە نەخۆشییەکەی چاك بۆوە، ئەمەش دیسان بە هاندان و پشتگیری خزم و کەسانی بوو بەتایبەتی کاسرینی هاوسەری، لەم بارەیەوە مایکڵ دەڵێ: دوای چاکبوونەوەم من زۆر گەشبینم بە ژیان، تەنیا ئەوە ماوە کە مانگانە دەبێ سەردانی پزیشك بکەم بۆ ئەنجامدانی پشکنینی ئاسایی، لە کاتی تووشبوونم بەم نەخۆشییە کوشندەیە ئەندامانی خێزان و هاوڕێیان پشتیوانێکی بەهێزم بوون بەشێوەیەك کە من خۆم بڕوام بەمە نەدەکرد، ئەو کات زانیم خۆشەویستی ئەوان بۆ من چەند گرنگە بەتایبەتی کاسرین کە بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوو لێم دوور بکەوێتەوە هەرچەندە ئەو کات دەنگۆی زۆر دەربارەی جیابوونەوەمان هەبوو، مایکڵ لە بارەی نەخۆشییەکەیەوە زیاتر دەڵێ: سەرەتا وا بڵاوکرایەوە کە من تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی قوڕگ بوومەتەوە بەڵام لە راستیدا شێرپەنجەکەم لە زمان بوو، چاك بوونەوەم لەم نەخۆشییە و پشتگیری هاوسەرەکەم وایکرد کە من زۆر باشتر بم لە بواری نواندنەوە هەروەك چۆن نەخۆشکەوتنی کاسرین وایکرد پەیوەندی نێوانمان بەهێزتر بێت، بەتایبەتی کە ئێمە ماوەیەك جیابووینەوە بەهۆی ئەوەی نەخۆشییەکەمان لە یەك کاتدا بوو.

کاسرین بە یەکێك لە ئەکتەرە جوانەکانی هۆڵیوّد ناسراوە سەبارەت بە گرنگیدان بە جوانی خۆی کاسرین دەڵێ: بێگومان ئەو کرێمانە بەکاردەهێنم کە بۆ پێستی من پێویستن، بەپێی کات و توانام وەرزش ئەنجام دەدەم، هەروەها زۆر ئاو دەخۆمەوە وخۆ لە خواردنەوە گازییەکان بە دوور دەگرم و دەموچاویشم رۆژانە بە روونی ئەرکان چەور دەکەم کە زۆر گرنگە بۆ وشك نەبوونی پێستی ئافرەتان و رێگا لە پەیدابوونی چرچ و لووچ دەگرێت.